

# برایم فەرشی:
# هەموو ڕەگەزەکانی شانۆی نەتەوەیەکمان هەیە، ئەوەی نیمانە تیۆری شانۆییە

**هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید**

برایم فەرشی خەڵکی شاری بۆکانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، زیاتر لەناو هونەری شانۆدا خۆی دۆزیوەتەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە وەک ئەکتەر و پاشان دەرهێنەر و نووسەری شانۆیی خۆی ناساندووە.

لە تارانیش لە تەک هونەرمەندە پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکانی ئێران کاری کردووە، تا تەنگەتاو دەکرێ و بەرەو هەندەران دەڕوا.

لە ئەڵمانیا جگە لە خوێندن و بەدواداچوونی خۆی بەدوای هونەری شانۆ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی (کۆچەر) کە لە ئەوروپا بەشداری لە کار و چالاکی هونەری و شانۆییدا کردووە.

لەم دواییەدا سەردانی کوردستانی کرد و گۆڤاری (ڕامان)ی بەسەرکردەوە، لەو دەرفەتەدا بە هەلمان زانی و هەڤپەیڤینێکی تێروتەسەلمان لەگەڵ سازدا.

**ڕامان:** سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین بۆ سەردانی گۆڤاری ڕامان؟

**برایم فەرشی:** زۆر سوپاس.. خۆشحاڵم دوای چەندین ساڵ هاتوومەتەوە ماڵەکەی خۆم.

**ڕامان:** پێم چاکە باسێک لە ژیانی خۆت بکەی.. لە خوێندنت.. ئینجا دێینە سەر قۆناغەکانی ترت لە هەندەران.

**برایم فەرشی:** من ساڵی (١٩٥٧) لە شاری بۆکان لە دایک بووم، بەپێی چۆنیەتی ژیانێکی کە هەمبووە، هێدی هێدی بەرەو چێژ وەرگرتن لە هونەری ئەو سەردەمەی خۆمان ڕۆیشتووم. بەو مانایە کە بیستنی هەر گۆرانییەک یان هەر شیعرێک کە لەدەوروبەری من دەگوترا و دەبیسترا، کاریگەریی تایبەتی لەسەر مێشک و ڕۆحم هەبوو، بە چەشنێک کە هەر لە منداڵییەوە منداڵێکی ئیحساساتی بووم. ژیانی بنەماڵەش وای لێکردم هەوڵ بدەم دایکم وەپێکەنین بێنم، بۆ ئەوەی ئەو هەموو ئازارانەی هەیبوو و کەسیش پێی نەدەزانی کەم بکەمەوە. ڕۆژێکی کە ئەو لە حەسارێ شیوی دەکرد، بەرگێکی کچانەم لەبەر کرد و چووم لە بەرانبەریدا، دوورتر ڕاوەستام. کە سەری هەڵێنا، گوتی: کچەکە گیان، خۆشەویست، وەرە پێشێ با بتبینم بزانم کێی. کە چوومە پێشێ و منی دیت لە قووڵایی دڵییەوە دەستی کردە پێکەنین. ئەو خۆگۆڕینە لای من بوو بە کەرستەیەک بۆ ئەوەی دایکم وەپێکەنین بخەم.

**ڕامان:** تەئسیری باوکتان و خانەوادەتان لەسەر تۆ چی بوو؟

**برایم فەرشی:** دایکم لە خانەوادەیەکدا بوو کە زۆر پڕ خێزان بوو، باوکم دوو ژنی هەبوو، ئەو پڕ خێزانییە و ئەو حاڵەتە کوردانەیەی لە ژنی کورددا هەیە، حاڵەتێک کە هەموو شتێک تەحەمول دەکا، وای لێکردبوو ئەو لە هەموویان زۆرتر کاری دەکرد. دەپێش هەموویاندا هەڵدەستا و دوای هەموویان دەخەوت. سەرەڕای ئەوەش لەلایەن خەسوو و زڕدایکی ئێمەوە ئازار دەدرا. زۆرجار دەمدی لە دنیای خۆیدا دەگریا. هەر کاتێک دەمپرسی بۆ دەگری، وەڵامی نەدەدامەوە. ئەوە ئەوەندەی تەئسیر لەمن کردبوو، منێکی پێنج ساڵانە بەشوێن ئەوەدا بگەڕێم وەڵامی پرسیارەکەی خۆم بدۆزمەوە. ئەوە بەو مانایە نییە بڵێم من لە ماڵێکی زاڵمدا دەژیام. لە ڕاستیدا ماڵی ئێمە ئاوێنەی کۆمەڵگاکەمان بوو. من ئێستا ناتوانم ئەو کەس و کەسانەی دایکم لەگەڵیان ڕووبەڕوو بووە، تاوانبار بکەم، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوە یەکەم نیاز



ئازاد عەبدولواحید - برایم فەرشی

بوو لە مێشکی مندا پێکهات. لەپاڵ ئەوەدا تەئسیرێکی دیکە کە هەبوو باوکم شەوانی جومعەی بەتایبەت مانگی ڕەمەزان شاعیر و نووسەر و بەیتبێژ و گۆرانیبێژی دەهێنایەوە ماڵێ. یەکێ لەو بەیتبێژانە کەسێک بوو بەنێوی «عەلی کەردار». ئەوە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١-١٩٦٢) یەکێک لە شاعیرەکان بەنێوی «حسێن نەوروز» بوو. یەکێک لەوانەی نەقڵ و چیرۆکیان دەگێڕایەوە خاڵم بوو بەنێوی «محەمەد پیرۆتی» کە دەیان چیرۆک و حیکایەتی کۆنی کوردی دەزانی. باوکم «عەلی فەرشی» بۆ خۆشی نوکتەی خۆشی دەگێڕانەوە. حەز دەکەم ئەوەش روون بکەمەوە کە شۆرەتی «فەرشی» لەوەوە هاتووە کە هی ئەو کەسەیە فەرش دروست دەکا. باپیرم یەکێ لە بەناوبانگترین تەونکەرەکانی تەورێز بووە کە هەم تەونی کردووە و هەم نەخشەی فەرشی کێشاوەتەوە. پاشان هاتۆتە کوردستان و هونەری فەرش چنین لە موکریان و بە تایبەتی لە بۆکان و بۆ ناو ئێلخانییەکان و فەیزوڵڵا بەگییەکان، باپیرم هێناویەتی کە بەشێک لەو فەرشانەش ئێستا ماون. خراپ نییە لەو پێوەندییەشدا باسی ئەوە بکەین کە ئەو بەرهەمە بەنرخانە چۆن لە کوردستان چوونەتە دەرێ و گەیشتوونە شوێنی دیکە و ئەمە نیشان دەدا کە کەلەپووری کوردی چۆن لە دەستی خۆمان چووە.

**ڕامان:** ئەو هونەرەی کە خۆت ناوت نا هونەری فەرش چنین کە خۆی هونەرێکە و زەخرەفەی جوانی تێدایە و تەئسیری هونەری میللی چۆتە ناو ئەو فەرشانەوە، لەسەر چێژی تۆ چی بەجێ هێشتووە؟

**برایم فەرشی:** دیارە فەرش چنین دنیایەکی ڕەنگ و تەرح و نەخشە و هەروەها ئەو کەسەی فەرشەکە دەچنێ لەگەڵی دەژی. ڕۆژێک نییە، دوو ڕۆژ نییە، مانگێک

نییە، لە بەیانی زووەوە تا درەنگانێک لەگەڵ یەکتری دەژین. تەئسیری ئەوە لەسەر من بەجۆرێکە ئێستاش کەسێک کە بێتە ماڵەکەی من ئەوەی کە بەرچاوی دەکەوێ، ئەو فەرش و جاجم و بەڕانەیە کە هەن.

**ڕامان:** لە کاری هونەریتدا سوودت لەو ڕەنگ و زەخرەفانە وەرگرتووە؟

**برایم فەرشی:** لەسەدا سەد، چونکە چنینی فەرش لە کوردستاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەویش ئەوەیە بە دەگمەن شتی خڕمان هەیە. هەموو ئەو تەرحانەی لە فەرشەکانماندا هەیە گۆشە گۆشەن، گۆشەدارن. بۆ نموونە ئەگەر وێنەی پەلەوەر و گیانلەبەرێکیش کێشرابێتەوە، ئەگەر لە حاڵەتی ئاساییدا شکڵێکی خڕی هەبێ یان شکڵێکی هێلکەیی هەبێ، لە فەرش و مافوورەکانی کوردیدا ئەوە گۆشەگۆشەیە. ئەو ڕەنگانەی لە فەرشدا بەکاردێن هەر ئەو ڕەنگانەن کە لە جلوبەرگی کوردیدا هەن. هەر ئەو ڕەنگانەن کە لە ماڵەکاندا و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەدا دەبینرێن، بەڵام ئێمە لێرەدا لەگەڵ پرۆسیسێکی هونەری ڕووبەڕووین.

## لە بواری فیکر و کاری هونەری و تەکنیکدا هەندەران لە هەموو کاتژمێر و ڕۆژ و مانگێکی شتی بە من بەخشیوە

**ڕامان:** ئەو سوودەی لەو ڕەنگ و زەخرەفانەت وەرگرت لە چ ڕوویەکەوە بووە؟

**برایم فەرشی:** لەناو شانۆدا تا ئێستا زۆر بە قووڵی نەچوومەتە نێو مەسەلەکەوە، ئەوەی بووە تەنیا خوێندنەوەیەک لەو دیاردەیە بووە، بەڵام بێم وەک «پیتر برووک» فەرش بێنمە نێو شانۆ، ئەو کارەم نەکردووە، هۆیەکەشی ئەوەیە هێشتا شانۆیەکی وام کار نەکردووە یان شانۆنامەیەکی وام دەست نەکەوتووە کە ئەمە لەگەڵ سەرجەمی شکڵ و تێم و ناوەرۆکی شانۆکە ڕێک بێتەوە.

ئەوەش بەشێک بووە لە کۆمەڵە تەئسیراتێک کە لە ژیانی مندا هەبووە و بە هەمووی بنەمایەک بووە بۆ ئەوەی چێژی هونەریی من پێک بێنێ. دیارە کارێکی گرنگی کە باوکم دەیکرد ئەوە بوو هەموو ئەو دانیشتنانەی هەیانبوو تۆمار دەکرا. بەشێکیان ماون و بەشێکیان بەداخەوە لەناو چوون. باوکم ئیمکانی ئەوەی بەمن و براگەورەکەم دەدا کە ڕۆژ تا ئێواری گوێمان لەو بەیت و گۆرانییانە بێ. تاڕادەیەک کە خۆشمان لە قوتابخانە بتوانین گۆرانی بڵێین یان وێنە بکێشینەوە، ئەوە سەرەتایەک بوو. ئینجا ئەو خۆگۆڕینەی کە بۆ وەپێکەنین خستنی دایکم باسم کرد، دوو کەسایەتی لە مندا پێکهێنا. کەسایەتییەک کە هەموو خەڵکی دەیدیت و کەسایەتییەکی دیکە خەڵک نەیدەدیت، واتە ئەو کارانەی من دەمکردن خەڵکەکە نەیاندەزانی کێیە ئەو کارانە دەکا. با نموونەیەک بێنمەوە. لەو بنەماڵە خێزاندارەدا من یەکێک بووم لەو کەسانەی بۆ شت کڕین بەردەوام لەهاتوچۆی ناو بازاڕدابووم. ڕۆژێک لای کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ کە خەڵک لە ماڵەکانیاندا دەحەسێنەوەو کۆڵانەکان چۆڵن، بە کۆلانەکاندا دەهاتم و یەک بەخۆم هەرام دەکرد: «ئاردە توو، بە خوری بە موو، بە ڕوحە شکاو» ئەوەم دەگوت و خۆم مات دەدا بزانم ژنان لە پەنجەرەوە یان لە دەرگاوە دێنە دەرێ؟ زۆرجار دەمدی ژنان لە پەنجەرەوە سەر دەردێنن و هەرای کابرا دەکەن تا ئاردەتووی لێبکڕن، بەڵام لە کۆڵاندا کەس نەبوو.

ئێستا کە تەماشای کاری ئەو ڕۆژانەم دەکەم مەسەلەیەکی کە دەیبینم ئەوەیە من لەو کارانەمدا جیددی بووم، بەو مانایە کە کارەکەم درێژە پێدەدا. ئەو درێژەپێدانە شێوەی کاری لەمندا دروست دەکرد. دواتر کە چوومە قوتابخانە، دیتم ئەو شتانەی من فێری بووم، وادەکا کە بانگم بکەن گۆرانی بڵێم و چیرۆک بگێڕمەوە. لەوێ دەگەڵ کەسانێکی زۆرتر ڕووبەڕوو بووم کە بینەر و بیسەری من بوون.

**ڕامان:** ئەو ساڵانە کەسانێکی وات تووش نەبوون هانت بدەن؟

**برایم فەرشی:** ساڵی ١٣٤٢ (١٩٦٣) لە موکریان خەڵکێکی زۆر کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا فکری دیموکراتیان هەبێ و سەر بە حزبی دیموکرات بن، گیران. ئێمە مامۆستایەکمان هەبوو بەناوی «خەلیل زادە» کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا گیرا. ئەو مامۆستایە لای ئێمە زۆر خۆشەویست بوو، چونکە بەپێچەوانەی مامۆستاکانی دی دۆستانە لەگەڵ ئێمە دەجووڵایەوە. قسەشی بۆ دەکردین. ئەوانە هەموو پارامیترێ بوون کە تەئسیریان لە مێشک و ڕۆحی من دەکرد. تا گەیشتمە پۆلی چواری سەرەتایی. لەوێدا لە کتێبی «ئەدەبیات»دا بەشێک لە شانۆنامەی «خەسیس/ چاوچنۆک»ی «مۆلیێر»ی تێدابوو، من پێشنیارم کرد لە پۆلەکەماندا وەک شانۆ دەری بێنم. دێمە

پێشەوە و پێشکەشی دەکەین. مامۆستاکەمان کەسێک بوو بەناوی ئاغای «خاوەری» کە خەڵکی مەهاباد بوو. زۆری پێخۆش بوو و من ئەو شانۆیەم لەوێ پێشکەش کرد. ڕەنگدانەوەی ئەوەش لای هاوپۆلەکانم باش بوو و تەئیدێک بوو بۆ مەسەلەکە.

**ڕامان:** ئەی کەشوهەوای فەرهەنگیی شاری بۆکان چەندە لەسەر تۆ کاریگەر بوو؟

**برایم فەرشی:** ئەوە دەچێتە سەردەمێکەوە کە من چوومە قۆناغی دواناوەندی، لەو سەردەمەدا لە بۆکان و هەموو شارەکانی کوردستان و ئێرانیش بۆنەکانی کە پێوەندییان بە (٢٥٠٠) ساڵەی شاهەنشاییەوە بوو، جێژن دەگیران. بۆ نموونە لە ڕۆژی لە دایکبوونی شا و ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکانی شادا بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و نمایش پێشکەش دەکرا کە پێیاندەگوت نمایشی «میهەنی» و بەشێکی دیکەش نمایشی کۆمێدی پێشکەش دەکرا. من پێمخۆشبوو، ئەوانەم دەدین، بەڵام هەستم کرد ئەوە ئەو شتە نییە کە من بەدوایدا دەگەڕێم، بۆیە کەشوهەوای شارەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شاهەنشاهی بەجۆرێک بوو زیاتر لەوە شتێک نەبینین شتێک بە زمانی کوردی نەبوو. تەنیا شتێکی کە هەمانبوو، ڕادیۆکان بوو. ڕادیۆ کوردییەکانی تاران و کرماشان و بەغدا. ئەوکاتە بەهیچ شێوەیەک لە بۆکان شتێک بەناوی شانۆ نەبوو.

**ڕامان:** ئەوە کە لە چواری سەرەتایی بیر لەوە بکەیەوە شانۆگەرییەکی مۆلێر دەربهێنی لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟

**برایم فەرشی:** لەڕاستیدا شانۆگەرییەکەی مۆلێر لە کتێبی دەرسی ئێمەدا بوو، باسی ئەوەشم کرد کە پێشتر کاری لاساییکردنەوە و خۆ گۆڕینم کردبوو. ئەوە شتێک بوو کە هەستم دەکرد خۆمی تێدا دەبینمەوە.، دواتر تەلەڤزیۆنی ئێران کاریگەریی تایبەتی لەسەر من هەبوو، لەبەر ئەوەی بەشێک لە شانۆکان لە تەلەڤزیۆن بڵاودەبوونەوە. لەلایەکی دیکەوە بۆکان سینەمایەکی تێدا بوو. من بەردەوام دەچووم فیلمم دەبینی. ئەوانە هەموویان لەپێکهێنانی فکری شانۆیی مندا کاریگەریی خۆیان هەبوو.

**ڕامان:** دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو شانۆگەری و فیلمانە بکەی کە ئەوکاتە بینیوتن و لە یادەوەریتدا ماون؟

**برایم فەرشی:** بەداخەوە ئێستا ناتوانم ناوێک بێنمەوە یادم، بەڵام من تەئسیرم زۆر لە سینەما وەرنەگرتووە، بەڵکو زیاتر لەو شانۆگەرییانەی لە تەلەڤزیۆن دەمدیتن. هەر لەو پێوەندییەدا ئەو کاتە کاکە سوارەی ئێلخانیزادە دوو بەرنامەی ئەدەبی لە ڕادیۆی تاران بڵاودەکردەوە بەناوی «تاپۆ و بوومەلێڵ»، هەروەها بەرنامەیەکی دی کە لە ڕادیۆی بەغدا بڵاو دەکرایەوە بەناوی «ڕۆژێ لە ڕۆژان» ئەودوو بەرنامەیە زۆر زۆر تەئسیریان لەسەر من هەبوو.

دوای ئەوەی قۆناغی ناوەندیم لە بۆکان تەواو کرد، لە شاری تەورێز قۆناغی دواناوەندیم خوێند. ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٢) لەوێ لەگەڵ «تیئاتری تەورێز» ئاشنابووم. ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانەکەی ئێمە کاریان دەکرد، تەئسیرێکی زۆریان لەسەر دانام، دواتر بۆ چارەسەرکردنی لاقم چوومە تاران و لەوێ لە ڕێگای زرخاڵمەوە لەگەڵ زۆر کەس ئاشنابووم کە مامۆستای زانکۆ و قوتابخانەکان بوون. یەک لەوانە «دکتۆر سادق شەرەفکەندی» بوو. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە کوردانە هێندێک لایەنی فکرییان لەمێشکی مندا بەهێز کرد. پاش ئەوە من گەڕامەوە بۆکان. لەو ماوەیەشدا دایکم کۆچی دوایی کرد کە لەگەڵ مەرگی «حەسەن زیرەک»دا مانگێکیان نێوان بوو. من ئەوکاتە بە شەقە (داری بن باغەڵ) دەڕۆیشتم. ئەو چەند مانگەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشی لە نەخۆشخانەی تاران کەوتم، پرسیارێک لای من دروست بوو.

«باشە بۆ هەموو کەس دێنە سەردانم، دایکم نایە؟» لە کاتی گەڕانەوەمدا، لە سەرتاسەری ئەو ڕێگا دوورو درێژەی تاران تا بۆکان ئێستاش وەک فیلمێک لە مێشکی مندا هەیە و دەیان جاریش لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێیدا چوومەتەوە. کاتێک هاتمەوە بۆکان لەگەڵ ماڵێکی چۆڵ ڕووبەڕوو بووم. باوک ماڵی گوێستبۆوە و لەگەڵ ژنی تازەی خۆی بوو. ئەوە تەئسیرێکی ڕۆحیی یەکجار زۆری لەسەر من دانا و هەموو ئەو شتەی لەو ساڵانەدا لە مندا کۆببۆوە دەبوو بە شێوەیەک دەربیبڕم و لەخۆمی دوور بکەمەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی زۆرتری بەیتە کوردییەکان و لەلایەکی دیکەشەوە خوێندنەوەی ئەدەبی کۆنی یۆنان، ئەوەشم لەبیر چوو بڵێم، من لە سەرەتاوە ئینسانێکی مەزهەبی بووم و پێموابوو مەزهەب و ئایین مرۆڤ لە زۆر شتی خراپ دوور دەخاتەوە.

ئەو کاتەی لە تەورێز لە دواناوەندیدا دەمخوێند زۆر لە هاوپۆلەکانم کەسانێک بوون کە قوتابی سەمەدی بێهرەنگی بوون. ئەوە فکری منی زیاتر ڕۆشن دەکردەوە.

لە لایەکیشەوە هەموو ڕۆژێ مشتومڕی شیعە و

سونەنەمان هەبوو. هەمیشە شەڕی «عەلی» و «عومەر» بوو. تا وای لێهات ئەوە ژیانی لە من تاڵ کرد و گەیشتمە ئەو شیعرەی «نە قم باشە نە کاشان، لعنت بە هر دو تاشان».

**ڕامان:** ئەی سەرو ساختێکتان لەگەڵ مۆسیقا و نەقاشیدا نەبووە؟

**برایم فەرشی:** من لە سەرەتاییدا نەقاشیم دەکێشایەوە. هەر شتێکی کێشابامەوە فۆرمی ئێسقانم دەدایە. ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەندین جار دەست و لاق و سەرم شکاوە، بزۆز بووم. لە قوتابخانە گۆرانیشم دەگوت. دواتر وازم لەوانە هێنا.

**ڕامان:** ئەی توانیت هاوکێشەی نێوان سوود وەرگرتن لە هونەری نەقاشی و شانۆ بدۆزیتەوە؟

**برایم فەرشی:** ئەو تەئسیرە دواتر لە یەکەم شانۆکانمدا خۆی دەرخست. بەوەی کە بایەخێکی تایبەتیمان دا بە دیکۆر. بۆ مۆسیقاش لە قۆناغەکانی سەرەتادا نا، بەڵام دواتر کاتێ توانیم شانۆنامە بنووسم و بەشەکانی شانۆ باشتر بناسم، لەوێدا جارێکی دیکە مۆسیقا وەک بەشێکی بنەڕەتی کاری شانۆیی من خۆی دەردەخات.

**ڕامان:** یەکەم شانۆنامەت ساڵی چەند نووسیوە؟

**برایم فەرشی:** یەکەم شانۆنامەم بەناوی «کۆشکی ئاوات» بوو. ئەوە لە شاخ نووسرا و لە شاخیش پێشکەشمان کرد، بە بۆنەی (٢)ی ڕێبەندانی (١٣٦٣)- (١٩٨٥ز) بوو. لە دەرەوەش، لە ئەڵمانیا، ویستمان بەشێوەیەکی نوێ پێشکەشی بکەینەوە، بەڵام بە چەند هۆ سەری نەگرت. یەک لەوانە نەبوونی کەسێک کە مۆسیقاکەی لێبدا. بۆ ئەوە پێوەندیم بە «ئیقباڵ حاجبی»یەوە کرد و زۆری پێخۆش بوو. هەروەها کەسێکمان دەویست وەک گۆرانیبێژ بەشداری بکا. بۆ ئەوەش کەسێک هەبوو بەناوی «هێدی ئەلوەندی»، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هاوکاری نەکردنی ئەو دۆستانە و بە هۆی ئەوە کە کارەکە خۆمی ڕازی نەدەکرد پێشکەش نەکرا.

**ڕامان:** ئەی لەو باکگراوەندەی لە بەیتی کوردی هەتبوو، چەند سوودت لەوە وەرگرت بۆ نووسینی یەکەم شانۆنامەت؟

**برایم فەرشی:** ئەو «کۆشکی ئاوات»ە دووەم شانۆنامەم بوو. یەکەم شانۆنامەم بەناوی «خودموختاری یانی چی» بوو کە ساڵی (١٣٥٨) (١٩٨٠) پێشکەش کرا. لە ڕاستیدا ئەو شانۆیە تەواو لە بەیتی کوردی و لە فۆرمی گێڕانەوەی کوردی سوود وەرگیرابوو. واتە بنەماکەی ئەدەبی زارەکی کوردی بوو. لەوێدا کەڵکم لە فۆرم و ناوەرۆکی بەیتە کوردییەکان وەرگرتووە.

لە «کۆشکی ئاوات»دا کەڵکم لە ئەدەبی مەنزوومی کوردی وەرگرتووە. لەوێدا زیاتر کەڵک لە هەڵپەڕکێ وەرگیراوە. زیاتر لە بزووتن و جووڵە و فۆرمی لەش کەڵک وەرگیراوە. کە زۆربەی زۆر هاتوومە سەر فۆرمەکانی کاری «ئەبستۆکوال» کە فۆرمی شانۆی پەیکەرە.

**ڕامان:** بە تەئسیری شانۆگەرییەکانی تەلەڤزیۆنی ئێران هەندێک بیرۆکەی دەرهێنانی شانۆ لای تۆ دروست بوو. بیرت لەوە نەکردەوە لەگەڵ چەند کەسێک تیپێک دابنێین؟

**برایم فەرشی:** پێشنیازم بە مامۆستاکەمان کرد کە «زانستی سروشتی» پێدەگوتین کە من دەمەوێ سیمینارێک لەسەر «تەکامول» دابنێم. گوتی: زۆرم پێ باشە. دوایەش کە لەگەڵ پۆلەکە قسە کرا، چونکە ئێمە لە هەفتەدا سێ کاتژمێرمان هەبوو، ئەوە وەختێکی باش بوو بۆ ئەوەی کێشە فکرییەکانی خۆم بۆ یەکەم جار باس بکەم. ئیتر هەفتەیەک خۆم بۆ ئامادەکرد و ئەوە یەکەم دەرکەوتنی من لەسەر شانۆ بوو. یەکەم جار وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەدایەوە کە لێم دەکرا. ئاخرییەکەی باسەکە هاتە سەر باسوخواسی سەیر و ئاڵۆز هەرچەند باسەکەی من ئەوە بوو، لە بنەڕەتدا مەسەلەی تەکامول چییە؟ ئەوکاتە وا بوو تا کاتژمێر دوازدە دەمانخوێند و ئینجا دەچووینەوە ماڵێ، پاشان سەعات دوو دەگەڕاینەوە قوتابخانە، ئەو ڕۆژە هیچ کەس نەچۆوە ماڵێ. لە جادە دوو دوو و سێ سێ گفتوگۆیان لەسەر ئەو مەسەلانە دەکرد. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی لە مێشکمدایە بتوانم گەڵاڵەی بکەم. بە شوێن ئەوەدا ڕۆژنامەیەکی دیواریم بە تەنیا دەردەکرد بەناوی «تیئاتر»، بە زمانی فارسی، کە بابەتی جۆراوجۆرم لە کتێبەکان دەردەهێنا و لەوێ بڵاوم دەکردنەوە لە سەرەتاکەشیاندا کەڵکم لە فیگەری «چارلی چاپلن» وەردەگرت، چونکە کارەکانی چارلی چاپلن تەئسیرێکی یەکجار گەورەی لەسەر من هەبوو.

پایزی ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) کە لە ڕۆژی لە دایکبوونی شادا کە نمایش پێشکەش دەکرا، هاتن گوتیان وەرە تۆش لەگەڵمان کار بکە. من حەزم لەو جۆرە نمایش کردنە نەبوو، گوتم ئەگەر دەتانەوێ ئێمە دەتوانین کاری تیئاتر بکەین، لەو قۆناغەدا مامۆستایەکی تارانیمان هەبوو بەناوی «محەمەدڕەزا ئەفزەل»، کە وەک سەرباز

هاتبووە بۆکان. ئەو گوتی من یارمەتیتان دەدەم. بەهۆی ئەوە بوو ساڵی (١٩٧٣) توانیمان تیپی شانۆی «لاو» دروست بکەین، بە ڕێنومایی محەمەد ڕەزا ئەفزەل.

شانۆنامەیەکمان بەدەستەوە گرت لە نووسینی «ناسر ئیرانی». لەو سەردەمەدا پێشکەشمان کرد، کە چەند سەربازێکن لە شەڕ هەڵدێن و دەچنە ئەشکەوتێکەوە و لەگەڵ پیرە پیاوێک ڕووبەڕوو دەبن. بێ ئەوەی ئێمە بە ئەنقەست فکرێکی وامان کردبێتەوە، زۆر لە مەسەلەی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق نزیک بوو. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول بوو. ئینجا بۆ یەکەم جار لەگەڵ دیاردەی دیکۆر بەرەو ڕوو دەبین. دەبوو ئەشکەوتێک دروست بکەین. ئەوکاتە لە بۆکان هۆڵی شانۆ نەبوو. سالۆنی کتێبخانەی گشتییان داینێ. هەموو بۆکان گەڕاین تا توانیمان کاغەزی چیمەنتۆمان پەیدا کرد و دەبوایە ئەشکەوتەکە بەشێوەیەک دەربهێنین کە فۆرمی بەردی هەبێ. لەوێ مەسەلەی تێکەڵ بوونی ڕەنگەکان هاتە ئاراوە. دوای ئەوە تا دەگەینە ساڵی (١٩٧٩) هەموو ساڵێ یەک دوو شانۆمان پێشکەش دەکرد.

ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥) لە مەهاباد فیستیڤاڵێک بۆ شانۆ هەبوو کە لە بۆکانەوە دوو گرووپی شانۆ بەشدارییان تێدا کرد. یەکیان گرووپی «شانۆی لاو» و ئەوی دیکەیان بەناوی «ئازاد» بوو. گرووپی تیئاتری ئازاد ئەوانە بوون کە نمایش «میللی میهەنی» یان پێشکەش دەکرد. یەک دوو کەس لەو کەسانەی لە گرووپی تیئاتری ئازاد بوون لە ڕاستیدا لە بەشدارانی گرووپی «لاو» بوون. لەسەر ئاستی موکریان ئەوە یەکەم جار بوو شانۆکارانی مەڵبەندی موکریان و شاری مەریوان بەشداری بن. لە مەهاباد دوو گرووپی «ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن» و «فەرهەنگ و هونەر» بەشداربوون کە ئەودەم ئاغای «ئاتەش تەقی پوور» لەوێ کاری دەکرد لەگەڵ «نوسرەتوڵڵا سەیافی» کە خەڵکی کرماشان بوو. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ شانۆ بەشێوەی فیستیڤاڵدا ئاشنا بین، بەڵام تێکەڵی ئێمە لەگەڵ مەهاباد هەر لە سەرەتاوە بوو، لەبەر ئەوەی بۆکان هیچ ناوەندێکی هونەری لێنەبوو، بەڵام لە مەهاباد ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری لێبوو. ئەو «ئاتەش تەقی پوور»ە کە لەوێ بوو یەکێ لە باشترین کارناسەکانی ئەو سەردەمەی شانۆ بوو. من یەکەمین خولی فێربوونی کار لەگەڵ لەش و لەگەڵ دەنگ لای ئاتەش تەقی پوور فێر بووم. هەر لەو سەردەمەدا لە شاری سنە شانۆ هەبوو. لە شاری ورمێ شانۆ هەبوو. یەکێک لەو کەسانەی لە ورمێ هەر لە ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر بوو «غوڵامڕەزا عەباسی» بوو کە کرماشانی بوو. لە کرماشانیش دیارە شانۆ هەبوو. کرماشان یەکێک لە کۆنترین شارەکانە بۆ پێشکەشکردنی شانۆی نوێ.

**ڕامان:** ئێوە بۆ بینینی شانۆ سەردانی ئەو شارانەتان دەکرد؟

**برایم فەرشی:** ئەوکاتە لە ئێران لە هەموو شارەکان فیستیڤاڵی شانۆ هەبوو. لە یەک نزیک بوونەوەی مەهاباد و بۆکان و کرماشان ئیمکانێکی ڕەخساند بە یەکەوە بۆ کاری شانۆ هەوڵ بدەین ئەو هەوڵە خۆی لە شانۆنامەی «شێخی سەنعان»دا نواند کە ئێمە هەموومان تێیدا بەشداربووین، ئێمە لە شانۆوە یەکڕاست چووینە خانەقاکانەوە.

## لە شانۆی کوردیدا ئەزموونەکان تاکەکەسی و چەند کەسین کە لەگەڵ یەکتری گرێ نادرێن

**ڕامان:** کێ ئەو شانۆنامەیەی نووسی؟

**برایم فەرشی:** بە هاوکاریی هەموو گرووپەکان بەتایبەتی «ئاتەش تەقی پوور» و «نوسرەتوڵڵا سەیافی» نووسرا.

**ڕامان:** نوسرەتوڵڵا سەیافی کێیە؟

**برایم فەرشی:** نوسرەتوڵڵا سەیافی نووسەر و دەرهێنەری شانۆ و سینەما و خەڵکی گوندێکی کرماشان بوو کە مانگێک لەوە پێش کۆچی دوایی کرد. دەتوانم بڵێم یەکێک لە یەکەمین کوردەکان بوو کە کاری شانۆی کرد. ئەویش دوای ئەوەی لەخۆیدا هەست بە توانای شانۆیی و نواندن دەکا، لە کرماشان بەشداری خولی فێربوونی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر دەبێ. پاشان بەهاتنی ئاتەش تەقی پوور زۆر لەو نزیک دەبێتەوە و دواتر درێژە بە خوێندن دەدا. نوسرەتوڵڵا سەیافی هەرچەندە زۆر نەناسراوە، بەڵام یەکێ لەبەرجەستەترین و دیارترین کەسایەتییەکانی شانۆی کورد بووە. سی ساڵ لەمەوبەر لە تەلەڤزیۆن شانۆی بە زاراوەی گۆرانی پێشکەش دەکرد. ئەوە سەردەمێک بوو کە کاک مەزهەری خالقی بەرپرسی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرماشان بوو. لەوێ

گرووپێکی شانۆیی پێکهات کە منیش ئەندامی ئەو گرووپە بووم، دەکرێ ئێمە لە وتارێکی سەربەخۆدا باسی نوسرەتوڵڵا سەیافی بکەین.

**ڕامان:** ئەگەر وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی ئەو ساڵانەتدا نەمابێ باسێکی ئەوە بکەین کە کەی بیرت لەوە کردەوە بچیە هەندەران؟

**برایم فەرشی:** من بەر لەوەی باسی هەندەران بکەم، دەبێ باسی سەرەتایەکی گرینگ بکەم کە ئەویش ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) کە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شانۆیی «دایکی نیشتمان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان یەکەم شانۆگەریی کوردیم پێشکەش کرد. شانۆنامەیەک بوو بەنێوی «مان گرتن» کە نووسراوە لە نووسینی «عەبدولڕەحمان زەنگنە»، بەڵام بەپێی وتەی کاک ئەنوەر ڕەشید لە ئەڵمانیا دەبێ وەرگێڕان بێ و کاک فازڵ جاف لەگەڵ کاک عەبدولڕەحمان زەنگنە تەرجەمەیان کردبێ. ئەوە یەکەم شانۆنامەی کوردی بوو کە تیپی شانۆیی «لاو» کاری لەسەر کرد. لە زۆر لە وشەکانیش نەدەگەیشتین، بۆ نموونە نەماندەزانی بەرمیل چییە. لە زۆر کەسمان پرسی ئەوانیش نەیاندەزانی بەرمیل چییە؟ دوایە لە شانۆنامەکەوە بۆمان دەرکەوت بەرمیل دەبێ بۆشکە بێ. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئێمە کە لەگەڵ فەرهەنگی شانۆی باشووری کوردستان ئاشنا دەبووین.

**ڕامان:** کێ دەری هێنا؟

**برایم فەرشی:** دەرهێنەرەکەی من بووم. لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد و سەقز و سنە و شنۆ پێشکەش کرا. من لە شوێنێکی دیکەدا لە چواچێوەی «پەنجا ساڵ نمایش و شانۆی بۆکان» چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەو شانۆیەم باس کردووە. بە شوێن ئەودا شانۆگەریی «خودموختاری یانی چی» بە زمانی کوردی لە نووسین و دەرهێنانی من پێشکەش کرا. دوای ئەوە و دوای فیستیڤاڵێکی گەورەی مۆسیقای گەلانی ئێران من چوومە تاران کە لەوێ لە «ئەنجومەنی تیئاتری ئێران» و سەندیکای کارمەندانی تیئاتر کارم دەکرد و بەرپرسی شەریکەی فیلم و نمایش بووم. لەوێ ئیدی ڕاستەوخۆ تێکەڵی شانۆی ئێران و شانۆکارانی ئێران بووم. ساڵی (١٩٨٥) لە ئێران هاتمە دەرێ.

**ڕامان:** هەر ئەو کاتە یەکسەر بەرەو ئەڵمانیا..؟

**برایم فەرشی:** ڤیزەی ئەڵمانیام هەبوو، بەڵام بە تورکیادا چووم و مەبەستم ئەوە بوو دوو حەفتە لەوێ مامەوە و ئەوەش داستانێکی خۆی هەیە و دوای ئەوە یەکسەر چوومە ئەڵمانیا.

**ڕامان:** لە دەرهێنانی ئەو دوو شانۆگەرییەی «مان گرتن» و «خودموختاری» ئایا پەیڕەوی میتۆدێکی دیاریکراوت دەکرد و ئایا بەرچاو ڕوونییەکت لە هونەری دەرهێنان هەبوو یان هەروا شتێکی عەفەوی بوو؟

**برایم فەرشی:** ئەو دەمە میتۆدێکی تایبەتی دەرهێنان لای من نەبوو، بەڵام میتۆدی کارکردن و نواندن هەبوو. من پێشتر لای ئاتەش تەقی پوور سیستەمی کاری ستانسلاڤسکی-م خوێندبوو.

**ڕامان:** ئەویش کورد بوو؟

**برایم فەرشی:** نەخێر ئازەری بوو، بەڵام ژنەکەی کرماشانی بوو و لەبەر ئەوەی کاری لەسەر شانۆیی شێخی سەنعان کردبوو و لە مەهاباد بوو زۆر ئاشنای مەسەلە کوردییەکان بوو.

**ڕامان:** پێشوازیی بینەران، کە لایەکی گرینگی شانۆیە، بۆ ئەو شانۆگەرییانەی پێشکەشتان کردن، چۆن بوو؟

**برایم فەرشی:** پرسیارێکی زۆر بەجێیە. یەکەم جار کە ویستمان شانۆگەریی «کونە ئەشکەوت» لە بۆکان پێشکەش بکەین، دیارە پلاکارد بڵاوکرابوونەوە و خەڵک ئاگادارکرابوون، بەڵام لەکاتژمێر (٧) نزیک ببووینەوە دوو سێ کەس هاتبوونە هۆڵەکەوە. زەحمەتێکی یەگجار زۆر کێشرابوو، دوو سێ مانگ کارکرابوو. بەفرێکی قورسیش باریبوو. سەرمایەکی زۆر سەخت بوو. ئەو سێ چوار کەسەش کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون دەلەرزین. ئێمەش بەهەر چەشنێک بێ دەبوو (١٥-٢٠) کەسێک لەخۆمان کۆ بکەینەوە. شانۆکارەکان هەر بە جلوبەرگی شانۆوە دەچوونە قاوەخانەکان و بە خەڵکیان ڕادەگەیاند کە وەرن شانۆ ببینن. ئەو شەوە (١٥) کەسێکمان کۆکردەوە.

**ڕامان:** بەبێ بلیت؟

**برایم فەرشی:** بەبێ بلیت، بەلاش. ئێمە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کاری شانۆمان کردووە، پەناباتێکمان لە هیچ کەس وەرنەگرتووە.

**ڕامان:** ئەدی کاک برایم هیچ وێنەتان لەو شانۆگەرییانە نەگرتووە؟

**برایم فەرشی:** وێنەی هەموویان هەیە، لە ئینتەرنێتیشدا بڵاومان کردوونەوە. ئەو شەوە کە شانۆیەکە پێشکەش کرا ڕۆژی دوایە لە قوتابخانەکاندا دەنگی دایەوە. شەوی دواتر جێگا نەدەبۆوە خەڵک لێی دابنیشێ. یەکەم جار بوو لە بۆکاندا دەوڵەت بەڕێوەبەری

بەرنامەیەک نەبوو. چەند لاوی سەر ڕووت بوون کە کارەکەیان ڕاپەڕاندبوو. هیچ پێشگیرییەک نەبوو بۆ ئەوەی بینەر نەیەتە ژووری. زۆر کەس بە پێمەڕەوە هاتبوو لەوێ ڕاوەستابوو، زۆر کەس منداڵەکەی بە باوەشەوە گرتبوو هاتبووە ئەوێ. واتە باشترین بینەر کە بتوانم باسی بکەم هی ئەو سەردەمەیە، یەکەم جاریش بوو لە گرووپەکەماندا کچ بەشداری دەکرد. سێ کچ لەو شانۆگەرییەدا بەشدار بوون.

**ڕامان:** ئەو کچانە لەپاش ئەو شانۆگەرییە بەردەوام بوون؟

**برایم فەرشی:** چەند کەسێکیان بەڵێ، بەڵام بەداخەوە نا.. دواتر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مەهاباد هات قسەی لەگەڵ کردن و ئەوەش بۆ خۆی بۆ ئەو سەردەمە شتێکی نوێ بوو کە کچان کەوتنە قسەکردن. ساڵی (١٩٧٤) بوو کچان باسی ئەوەیان کرد کە لە ماڵێ چیان لێدەکەن. ئەوە لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە و دەنگێکی یەگجار زۆری دایەوە. شانۆکە هێشتا دەستی پێنەکرابوو دیتمان یەکێک زرم زرم لە شووشەی پەنجەرەکەی دەدا. کە پەردەکەیان لادا دیتمان سەرۆکی «ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی»ی بۆکانە، دەڵێ ڕێگام بدەن بێمە ژووری. جێگا نەبوو. لە پەنجەرەکە هەڵیانکێشایە سەرێ دوای ئەوەی شانۆکە پێشکەش کرا حاڵەتێکی تایبەت لە شارەکەدا پێک هات. تیپەکە لە زۆربەی شارەکانی دەوروبەر ناوبانگی دەرکرد.

لە شاری سەقز بووین، لەکۆتایی شانۆکە من هاتمە سەر شانۆ، داوای لێبوردنم لە خەڵکەکە کرد، کە ڕەنگە کەموکوڕی لە کارەکەی ئێمەدا بووبێ. کەسێکی بەتەمەن لە پێشەوە دانیشتبوو، هەستایەوە گوتی: نا ڕۆڵە گیان ئێمە سوپاسی ئێوە دەکەین. من سی ساڵە لەو شارەدا مەعەلیمم، ناتوانم بە کوردی بنووسم و بخوێنمەوە، بەڵام ئێوە هاتوون شانۆ بەزمانی کوردی پێشکەش دەکەن.

بەهەرحاڵ بینەر دەورێکی بنەڕەتی گێڕا بۆ ئەوەی ژیانی من بەرەو شانۆ بڕوا. من لەسەرەتا ئەو بیرەم نەبوو کە بەردەوام کاری شانۆ بکەم، بەڵام ئەو کارە هونەرییانەی لەو شەش حەوت ساڵەدا واتە تا ساڵی (١٩٨١) لە کوردستان کرا ئەوە تەواو ژیانی منی گۆڕی.

**ڕامان:** تا گەیشتیتە تاران، لە بۆکان چ قۆناغێکی خوێندنت تەواو کرد؟ ئایا وەرگرتنت لەو شوێنە هونەرییانەی تاران زەحمەتیت بینی یان نا؟

**برایم فەرشی:** من پاش ئەوەی دیپلۆمم وەرگرت، هەر لەو دواناوەندییەی دەرسم خوێند، دامەزرام و لەوێ نە تەنیا شانۆم پێشکەش دەکرد بەڵکو کلاسی شانۆم دادەنا، لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە کلاسی شانۆم بۆ ئەو کەسانە دانا کە حەزیان لە شانۆ بوو، پەنجاوسێ کەس توانییان ئەو خولانە تەواو بکەن. هێندێک لەو کەسانە ئێستا لە شانۆی ئێران و کوردستاندا خاوەن ناون لە بواری خۆیاندا، بەشێکیشیان لە بواری سیاسیدا کاریان دەکرد و چوونە نێو حزبەکانەوە کە لەوێش هەر کاری شانۆییان دەکرد. ئەو (٥٣) کەسە لە ڕاستیدا بەنێو کوردستاندا بۆ کارکردن بڵاوبوونەوە.

**ڕامان:** وەرگرتنت لە تاران ئاسان بوو؟

**برایم فەرشی:** بەڵێ لەبەر ئەوەی لاساییکەرەوە نەبووم و شتم پێبوو، ئاسان وەرگیرام. لەوێ کە لەگەڵ شانۆکارانی تاراندا دادەنیشتم وەک دەڵێن کوڵێک شتی ناوچەکەی خۆمانم پێبوو.

من لەوێ کە بە فارسی قسەم دەکرد دیتم فارسییەکەی من وەک هی ئەوان نییە. هەر لەوێوە بە تەکنیکی شانۆ، هاتمە سەر ئەوەی کە فەننی بەیان و دەنگەکان لە زمانی کوردیدا و جیاوازیی ئەو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی فارسی وای لەمن دەکرد بیر لەوە بکەمەوە ئێمەی کورد لەکوێی فارسی گوتندا تووشی گرفت دەبین.

**ڕامان:** باشە سوود وەرگرتنی تۆ لەو شانۆکارانەی تاران بە چ شێوەیەک بوو؟

**برایم فەرشی:** لەو سەردەمەدا لە ئێران سیستەمێکی ڕاهێنانی شانۆیی بوو کە «ئاگۆستۆبوال»ی ئارژانتینی پێکی هێنابوو. پاشان دێتە فەڕەنسا و لەوێ قوتابخانەیەکی بوال دادەمەزرێنێ. لە شانسی من باشترین قوتابی ئاگۆستۆبوال کە خانمێکی ئێرانی بوو گەڕایەوە ئێران و ڕاست هاتە ئەو شوێنەی کە من کارم تێدا دەکرد واتە ئەنجومەنی تیئاتری ئێران. من ئەوەش بڵێم چونکە لەگەڵ ڕێکخراوێکی سیاسیدا کارم دەکرد، بوومە بەرپرسی شانۆی ڕێکخراوی (اکثریت) لە ئێراندا. تەواوی کەسە بەناوبانگەکانی شانۆی ئێران کە لەگەڵ ڕێکخراوی چریکەکان بوون و پاشان لەگەڵ (اکثریت) لە ڕاستیدا لەو بەشەدا بوون کە من بەرپرسی بووم.

من ناوی کەس ناهێنم چونکە هێندێکیان ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا کاردەکەن و بەناوبانگیشن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لە شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆنی ئێراندا کاردەکەن لەو تەشکیلاتەدا بوون کە من بەرپرسی بووم. ئەو خانمەش کە هاتەوە من لەنزیکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵی هەبوو. پێشنیازمان کرد

عەینی ئەو خولەی خۆی دیتوویەتی، لەوێ دابنێین، ئەم پرۆژەیە شەش مانگی خایاند و منیش یەکێک لەو کەسانەبووم کە دەورەکەم تەواو کرد. بەو ئسلووبە دەستمان بەکاری شانۆیی کرد.

**رامان:** لەو شانۆیبیانەی ئەو کاتە کارتان لێ کرد؟

**برایم فەرشی:** بەشێکی زۆری شانۆیی سەر شەقام بوون، کە بەشێکی هەر لە تاران پێشکەش دەکرا، بەشێکیش تێکستەکەی دەنووسرا و دەنێردرا بۆ شارەکانی دیکەی ئێران کە لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی شانۆی کلاسیکدا نەبوون. تێکستەکانی کورت و موختەسەر بوون، کە زیاتر پێوەندی بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبوو.

## من شانۆ بە بنەمای شارستانییەت دەزانم هەر لەو ڕێگایەوە دەتوانین شارستانییەتی خۆمان بنەخشێنین

**رامان:** چۆن بوو بڕیارت دا بچیتە هەندەران؟

**برایم فەرشی:** لەو قۆناغەدا دۆخی سیاسی و ئاسایشی ئێران گەیشتبووە جێگایەک کە من نەمدەتوانی بمێنمەوە. لە تاران هێرش کرایە سەر ماڵەکەمان. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە کاری شانۆیان دەکرد تەنانەت ئەوانەش کە مامۆستای زانکۆ بوون، هەموویان دەرکرابوون. بۆ بواری کاری شانۆش ڕێگا نەدەدرا. ئێمە زۆرجار شانۆنامەمان داوە بە «ئەنجومەنی بەرنامەکانی تیئاتر» شانۆکانیان ڕەت دەکردینەوە. تەنیا شتێکی کە بەشداریی چالاکم تێیدا هەبوو یەکەم کەرنەڤاڵی مێژووی ئێران بوو (١٩٨١) کە لە مانگی ڕێبەنداندا وەڕێمان خست، کەرنەڤاڵێکی یەگجار گەورە کە بەشێکی زۆری شانۆیی تێدا بوو. ئەو کەرنەڤاڵە کە لە شەقامی «شا»ی تاران بەڕێوەچوو، کەوتە بەر هێرشی هێزە سەربازییەکانی ئێران، کە ژمارەیەک بریندار کران و ژمارەیەک گیران. ئەوە دوایین کاری هونەریی من لە ئێراندا بوو.

**رامان:** هەندەران وەک شەخسێک چی بەتۆ بەخشی؟ ئایا سوودێکی باشت لێ بینی؟

**برایم فەرشی:** هەندەران، هەموو ڕۆژ و کاتژمێر و مانگێکی شتی بە من بەخشیوە. بەتایبەتی لە چوارچێوەی فکری و کاری هونەری و تەکنیکیدا. ئەگەر ئەوە نەبوایە بێگومان من نەمدەتوانی تەحەمولی ئەورووپا بکەم. ئەورووپا دەرەتانێکی یەگجار زۆر بوو بۆ ئەوەی من بتوانم لە چوارچێوەی فکر و هونەر و تەکنیکدا خۆم بەرمە پێش.

**رامان:** کە گەیشتیە ئەورووپا خوێندنت درێژە پێدا؟ بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە هونەری شانۆوە هەبووە؟

**برایم فەرشی:** لەسەرەتادا چوومە ئەو خولانە بۆ ئەوەی شانۆ فێر بم، دوایە دەستم بە خوێندنی «شانۆی پێداگۆگی» کرد. لە پاڵ ئەوەدا لە ڕێگای نامەکارییەوە لە زانکۆی «هاگن» دراما و ئەدەبی نوێی ئەڵمانیم خوێند. دوایەش بۆ ئەوەی کە تیئاتر پێداگۆگی لەگەڵ سیستەمی ئەوڕۆی «مۆلتی میدیا» تێکەڵ بکەم. خولێکی تەکمیلی داڕشتنی سیستەمی فێربوونم خوێند، کە ئەوە سەرجەمی خوێندنی من لەو بوارەدا بووە.

**رامان:** دەکرێ هەر یەکێ لەو قۆناغانەی خوێندنت کەمێک بە وردی باس بکەی؟

**برایم فەرشی:** کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بەدوای ئەو ئاڵوگۆڕە یەگجار بە پەلانەی کە بەسەریدا هاتووە لە بواری سەنعەتی و تەکنیکی و بوارەکانی دیکەی ژیاندا، گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هێناوە، کە زۆربەی زۆری گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە. لەبەر ئەوەی هونەر لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا مانای هەیە، دەبێ لەگەڵ ئازارەکانی خەڵکدا پێوەندی هەبێ.

دوای ئەوەی سیستەمی «بوال» کە لە ئەورووپادا بەشێوەیەکی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێ، وردە وردە ئەو سیستەمە دەگوێزرێتەوە بۆ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان منیش لە وڵاتێکەوە هاتبووم کە هەموو ئەو ئازارانەم لەگەڵ خۆم هێنابوو، جگە لەوەی لەوێش دەمدی ئەو ئازارانە هەیە، ئۆتۆماتیک من کێشرام بەرەو ئەوەی کە هونەری شانۆ لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان زۆر نزیکتر بێتەوە.

لە ڕاستیدا تێکەڵی ئەو جووڵانەوەیە بووم کە لە ئەڵمانیا هەبوو بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانە لە ڕێگەی شانۆوە پێشکەش بکرێ و ئەو خەڵکە کە خۆی ئازارەکەی هەیە بەشداری پرۆسێسەکە بێ.

ئێمە لە شانۆی نۆرمالدا کە دەیناسین کەسەکان لە ڕێگای شانۆکەوە لەگەڵ مەسەلەکان تێکەڵ دەبن، بەڵام لێرە بینەرەکە بۆ خۆی تێکەڵی پرۆسێسەکە دەبێ. تەنانەت داهێنانەکە بەشێکی هی ئەوە.

هەروەها دەیهەوێ پێشکەشی بکا خۆی لە پرۆسەکەدا

وەک شانۆگەر بەشداره، وەک بەشدار لە نووسینی تێکستەکەدا دەردەکەوێ. واتە پرۆسێسێکی بەو شێوەیە لە تیاتر پیداگۆگیدا دێتە پێشەوە. کە شانۆ و زانست لەو شێوازەدا لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بەڵام سەرەنجام ئێمە دەڵێین کاری شانۆ دەکەین و شانۆ کەسایەتیی خۆی لەدەست نادات.

هەر ئەوەشە شانۆ لە هۆڵەکان دێنێتە دەرێ و دەیباتە نێو خەڵکەوە و زۆرتر پەرە دەستێنێ، تا ئەوەی چوارچێوەی تیۆریک بەخۆیەوە دەگرێ. ئەو چوارچێوە تیۆریکەش بەتایبەتی لە ئەڵمانیا لە یەکێتی شانۆ پیداگۆگییەکانی ئەڵمانیادا پێکهات. تا ئەوەی کۆمیسیۆنی جیاجیا بۆ لێکۆڵینەوە لەوە پێکهات و شتەکان کلاسەکران، کە تیئاتر پیداگۆگی چییە و بۆچی دەبێ بکرێ؟ لە ڕەوتی ئەو پازدە ساڵەدا کە منیش ئەندامی ئەو شوێنە بووم، لایەنی زۆرتری لێ جیابۆوە. نەک لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو لایەنی فەرهەنگی. لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا شەست و چەند نەتەوەی دیکە دەژین، کەسێکی وەک من کە باکگراوەندێکی وام هەبوو کە لەنێو چەند نەتەوەی تردا ژیابووم، ئەوە وای کرد کە من بەرەو شانۆی فرە کولتووری برۆم. شانۆیەک کە کەسانێکی وا تێیدا بەشدارن کە کولتوور و زمانی جیاوازیان هەیە.

**ڕامان:** ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە باوەڕت بەوە هەبێ کە شانۆی نەتەوەیی نەبێ؟

**برایم فەرشی:** من لە سەدا سەد بڕوام بەوەیە کە شانۆی نەتەوەیی هەیە. ئێمە بە سەعات دادەنیشتین باسی ئەوەمان دەکرد، ئینسانێکی ترک کە لە ئەڵمانیا دەژی، چ جیاوازییەکی ڕۆژانەی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ئەڵمانییەکدا هەیە؟ منداڵێکی ترک لە شێوەی کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەکانەوە بگرە تا شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مەسەلەکان جیاوازی هەیە.

لەو کۆمیسیۆنەدا کە من ئەندامی بووم و دوو ساڵیش بەرپرسی بووم، لەکۆنفرانسەکانماندا باسی جیاوازییەکانی نێو تورکیامان دەکرد.

ئەو جیاوازییە فەرهەنگییانە لە شانۆدا کە فۆرمێک لە ژیان بێ لەسەر سەکۆ، فۆرمێک لە هەموو ئەو شتانەیە کە پێوەندیی بە ئینسانەکانەوە هەیە.

**ڕامان:** ئاخر تۆ باسی ئەوە دەکەی کە کورد بوون زیاتر ناوەرۆکێکی سیاسییە، دەکرێ ئەوە لە ڕۆمانیش هەبێ، لە گوتاری سیاسیش هەبێ. ئێمە باسی تایبەتمەندیی شانۆ دەکەین، وەکو هونەرێک. ئەو هونەرە زیاتر ڕۆژئاواییە.. وەک هونەری شانۆ چەند دەکرێ تایبەتمەندیی کوردێنی باوێیتە ناو ئەو شانۆیە، جگە لە مێژوو و جگە لە ناوەڕۆک؟

**برایم فەرشی:** شانۆ وەک شکڵ و فۆرم و بینا و وەک تێکست و هەمووی ئەوانە لەو کاتەی کە یۆنانییەکان دەستی پێدەکەن بەنێوی شانۆی ئەورووپی ناسراوە، بەڵام پێش ئەوە، وەک مرۆڤایەتی ئێمە بێ مێژوو نەبووین. بەتایبەتی ئەگەر من بێم لەسەر میزۆپۆتامیا قسە بکەم، ئێمە لەگەڵ مەڵبەندێک ڕووبەڕووین کە نەتەوەی جیاجیا لە میزۆپۆتامیادا هەبوون. هەموو ئایینە جیدییەکان لەو ناوچەیەوە سەریان هەڵداوە. دوو لەو ئاینانە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەو بنەچەکەوە هەیە کە ئەوڕۆ بە کورد دەناسرێ. یەکیان ئایینی میترائیزمە و دووەمیان ئایینی زەردەشتییە. میترائیزم ئاینێکە پڕە لەکاری نواندن. وەختێکی میتراییەکان لە ئەشکەوتەکاندا دەیانەوێ ڕێز لە میترا بگرن گا قوربانی دەکەن. پاشان لە نێوەڕاستیدا ئاورێک دەکەنەوە و لە دەوری ئاورەکە بەشێوەیەکی بازنەیی دەست دەکەن بە سەماکردن و چەشنە مۆسیقایەک. ئەو فۆرمە بازنەییە و کەڵک وەرگرتن لە مۆسیقا و سەما کە جووڵەی تێدایە، لێرەدا لەگەڵ دوو شتی بنەڕەتی شانۆ بەرەو ڕوو دەبین.

**ڕامان:** تۆ مێژووی شانۆی کوردی لەوێوە، دەستنیشان دەکەی؟

**برایم فەرشی:** لەوێوە دەستنیشانی دەکەم و ئەگەر ئیمکانی لێکۆڵینەوەم هەبێ بۆ پێش میترائیزمیش دەڕۆم. ئیمکانی ئەوە کە بزانین پێشتر لە قەفقاز چ خەبەر بووە؟ دوایی کە ئەو کۆڕەوە دەستی پێکردووە و هاتوون بۆ ئەم ناوچەیە، بە چ شێوەیەک بووە؟ ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە کە سەردەمی چەند خودایی بووە، سەردەمی ئەفسانەکان و ڕێوشوێنە تایبەتییەکان بووە.

**ڕامان:** تۆ پێت وانییە ئەو شتانە تەنیا لاساییکردنەوەی سروشت و تقووسی دینی و جووڵەیەکی ساکار بێ و ئەمانە بکەوێتە چوارچێوەی هونەری شانۆ بەمانای ئەوەی خاوەنی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی خۆیەتی؟

**برایم فەرشی:** ڕاستە، تۆ باسی هەر شتێ بکەی کە پێوەندیی بە چەند هەزار ساڵ پێشەوە بێ، لەگەڵ ئەمڕۆ ناتوانرێ بەراورد بکرێ. شانۆش وەک هەر دیاردەیەکی دیکە پرۆسە و مێژوویەکی هەبووە. لە یەکەم شانۆکانی یۆنانیشدا خۆ بێ بنەما نەبووە، ئەوان یەکەم شانۆنامەکانیان لە شتە زارەکییەکان وەرگرتووە.

ئەویش مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو مێژووە بە هونەرێکی زارەکی گرێ دەدرێ کە هەمان ئەو شتانەیە کە ئێستاش لە کوردستاندا هەمانە. کاتێ باسی تراژیدی دەکرێ و لەو تراژیدییانە بۆ نموونە بزن ڕۆڵی هەیە، لە هونەرە زارەکییە کوردییەکانیشدا بزن هەمان ڕۆڵی کاریگەریی هەیە.

من لە سەردەمی میترالییزمدا باسی شانۆ ناکەم، بەڵکو باسی ڕێوشوێنەکان دەکەم. دەڵێم ئەو ڕەگەزانە هەبووە. من باسی ئەوە دەکەم کە بوونی شانۆ پێوەندیی بە بوونی کیانەوە هەیە. تۆ تا چوارچێوەیەکی دەسەڵاتی سیاسیت نەبێ، شانۆش بەو مانایە ناتوانێ دروست بێ.

لە سەردەمی زەردەشتیدا ئێمە ڕووبەڕووی تێکستیش دەبین. گاتاکانی زەردەشت ئەگەر سەیری ناوەڕۆکەکەشی نەکەین ئێمە دیالۆگی تێدا دەبینین. کاتێ ئەهورامەزدا لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاران دەیانەوێ کەسێک پەیدا بکەن کە زەوی لە پیسی و چەپەڵی پاک بکاتەوە، لەگەڵ یەکتر دیالۆگ دەکەن و زەردەشت هەڵدەبژێرن.

دواتر کاتێ دەبینە خاوەن دەسەڵاتی مادەکان، خاوەنی بینای شانۆ بوون. خاوەنی تێکستی شانۆیی بوون و شانۆ پێشکەش کراوە. یۆنانییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەو شانۆیەی لە دەورەی پارسەکانیشدا هەبووە لە مادەکانەوە هاتووە.

کاتێ ئەسکەندەر دێ بۆ میزۆپۆتامیا و دێتە کوردستان، لە هەر شوێنێک کە شارێکیان وێران کردووە، شارێکی دیکەیان دروست کردووە و لە هەر شارێکدا کە دروستیان کردووە بینا و عیمارەتی شانۆ هەبووە.

لە سەردەمی مادەکاندا تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوان مادەکان و یۆنانییەکاندا هەبووە. یەکێک لەو بوارانە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی شانۆ. ئەو تێکەڵاوییە فەرهەنگییە درێژەکەی هەم لە ئێراندا دەبینین، هەم لە یۆناندا. لە یۆنان وردە وردە فکر دروست دەبێ و بەرەو تۆمارکردنی هەموو شتەکانیان دەچن، بەڵام لە ئێراندا حکومەتەکان ناگەنە ئەوەی فکر دروست بکەن و شتەکان بپارێزن.

ئەو ڕێوشوێنەی لە ئایینە کۆنەکاندا باسم کرد درێژەی کێشاوە و ئێستاش لە ئایین و ئاینزاکانی کوردستاندا هەن، کە ئێمە دەتوانین لە شانۆی ئەمڕۆشدا بەکاری بێنین. لەلایەکی دیکەوە وەک پرۆسە، شانۆ نەپچڕاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیت نەبووە لەژێر دەسەڵاتێکی سیاسی تردا درێژە بەمانەوەی شانۆیی دراوە. تا دەگەینە ئەو دەورەیە کە شانۆ بە شێوەی نوێ لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیادا دێتە دی و ئێمەش تێکەڵی ئەو ڕەوتەین، تا دەگەینە ئەو قۆناغە کە لە ڕووی ئەو فکرە ناسیونالیستییەی هەمانە، لەوێوە هەوڵی ئەوە دراوە ئەو ڕەنگە تایبەتییەی کە شانۆی ئێمە هەیەتی پەیدای بکەین. لێرەوە باسێکی تازەی ئێمە دەتوانێ دەست پێبکا.

**ڕامان:** پێت وایە ئێستا شانۆی کوردی سیما و ئادگاری خۆی هەیە؟

**برایم فەرشی:** ئێستا دەبێ بەشێوەیەکی جددی ئانالیزی بابەتەکە بکەین، ئەوەی کە لە سەدا سەد هەمانە ئەوەیە کە هەموو ڕەگەزەکانی شانۆی نەتەوەیەکمان هەیە، ئەو ڕەگەزانە وەک تێکست، مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، جووڵەی لەشی ئینسانی کورد کە تەواو لە هی ئینسانەکانی دیکە جیاوازە. هەموو ئەوانەمان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا نیمانە تیۆری شانۆیە، یان زانستێک و سیستەمێکی شانۆیی و ڕاهێنانە کە نیمانە.

**ڕامان:** هونەرمەندی دی هەیە دەڵێ میتۆدمان نییە.

**برایم فەرشی:** میتۆد هەیە، بەڵام کلاسیک نەکراوە. شانۆکاری کورد بۆ ئەوەی بێتە سەر سەکۆیەک کە تێکستەکەی کوردییە و ماڵەکەی کوردییە، دەبێ فۆرمی ڕاهێنانی لەشی ئەو ئینسانەش لای ئێمە هەبێ. ئەمەش بەوە دەکرێ ئەو جووڵەیە ئانالیز بکەی. وەک چۆن تۆ نۆتی مۆسیقا بەیەکەوە دەنووسێنی، ئەو جووڵانە بەیەکەوە بنووسێنی. بۆ من پێکهێنانی سیستەمەکە گرینگە. جا ئەو سیستەمە چ نێوێکی لێدەنێی ئەوە باسێکی ئەکادیمیکە کە دەبێ بکرێ، بەڵام من میتۆدەکەم لەو کۆمەڵە شتە وەردەگرم کە باسم کردووە.

**ڕامان:** تۆ میتۆدەکە لە دانان دەبینی، یان لە دەرهێنان یان لە ئەکتەر.؟

**برایم فەرشی:** من پێشتر باسی ئەوەم کرد کە ڕاهێنانی شانۆگێڕی کورد. لە جیهاندا سیستەمی جۆربەجۆر هەیە. کاتێ من بمەوێ لەگەڵ «ئۆژینۆ باربا» کار بکەم کە لەگەڵ فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکا، ئەو لە پێشدا ئانالیزی جووڵەکان دەکا، چووەتە نێو ئەنترۆپۆلۆگی مەسەلەکەوە. جا ئەگەر لە هیندستانە، ئینسانی هیندی لە پرۆسە مێژوویی و فەرهەنگییەکەیدا ئانالیز دەکا و دەڵێ ئەو جووڵانە جووڵەی هیندین. ئەگەر نموونەیەک لە جووڵەی کوردی بێنمەوە، ئەوەیە، ژنی کورد وەختایەک کە کەسێکی لێ دەمرێ، دەست دەکا بە ڕۆڕۆ کردن و قوڕ پێوان. ئەم ڕۆ ڕۆکردنە دەنگ لە خۆی دەردێنێ. تۆ دەتوانی بیگری و شانۆگێڕی پێ ڕابهێنی. ئەو ژنە

قوردەپێوێ و جوولە دەکا و فۆرمێک لە لەشی نیشان دەدا. ئەو فۆرم و جوولەیە فۆرمێکە کە بە تایبەتی ژنی کورد دەیکا.

ئێمە هەر ئەو جوولەیەمان پازدە ساڵ لەوەپێش لەگەڵ دوو کەس کە لە «لیوینک تیئاتر»ی ئەمریکا کاریان دەکرد، هێنامان ئانالیزمان کرد و ئەوە جوولەیەکی شانۆیی لێدەرهات. ئێستاش ئەوان ئەو جوولەیە لە ئەمریکا بەکاردێنن بە ناوی جوولەیەکی کوردی.

تورکەکان شانۆیەکی تایبەتییان هەیە بەناوی «قەرە گوێز» لە ڕاستیدا تایبەتمەندییەکە هی ئەوانە، یان شانۆی «تەعزیە»ی ئێرانی هەم سەکۆکەی جیاوازە، هەم جوولەکانیان هەم دەرهێنانیش جیاوازی هەیە.

**ڕامان:** ئەدی ئەوە چەند لەناو شانۆی کۆچەر جێبەجێ دەبێ؟

**برایم فەرشی:** لە شانۆی کۆچەردا ئێمە شانۆنامەیەکمان پێشکەش کرد بەناوی «زەوی» کە ئەو پرسیارە مێژووییەی کێشەی کورد باس دەکا. کێشەی خاک و ئینسانی کورد. ئێمە لەو جوولەیەوە دەستمان پێکرد کە پێشتر باسم کرد ڕێزگرتن لە میترا.

یەکەم دیمەن، کێوێکە بە وێنەی ژنێک. لەو کێوە ئینسانە کوردەکان دێنە دەرێ کە لە ڕێگای پشتێنەکانەوە بەیەکەوە بەسراونەتەوە. دەست دەکەن بە جوولە و بە گوتن کە لەسەر شێوەی گاتا خوێندنەوەیە.

ئینجا لە قوولایی و ناوەندی شانۆکەدا مەسەلەی یەکتر کوشتن دێتە گۆڕێ کە ئەگەر ئێمە لە ڕووی میتۆلۆژیش باسی بکەین، لە هەموو مێژووی کورددا یەکتر کوشتن هەبوو. لێرەوە چەمەری خوێندن دێتە ناو شانۆیەکەوە. لێرەدا ژنان دەورێکی سەرەکی دەبینن بە هەموو فۆرم و بەهرەیەکی لەشی کە هەیانە. لەوێوە دێین بەرەو وشکەساڵی. لەوێ لەگەڵ زەوییەک ڕووبەڕووین کە وشکە و گەنمی لێ ناڕوێ. ئینجا دەگەینە بەشی کۆسەگەری، لێرەش تەواوی ڕەگەزەکان ئەوانەن کە لەناو خەڵکەوە هێناومانە . ڕاهێنانی هەموو شانۆگێڕەکانیش بە مۆسیقای کوردی بووە واتە بەشێک لە ڕاهێنانی فۆرمی شانۆگێڕەکان لەو شانۆگەرییەدا لە سیستەمی ئەوروپایی کەڵک وەرگیراوە و بەشێکیش لە تایبەتمەندییەکانی جوولەی کوردین.

**ڕامان:** ئایا ئەمانە تایبەتمەندین بۆ تیپی شانۆی کۆچەر؟

**برایم فەرشی:** بەڵێ بە تەواوی، بەڵام کاتێ لە زانستەکەی ئەوێم کەڵک وەرگرتووە، من زانستەکەی ئەوێم نەهێناوە لاسایی بکەمەوە. هەروەها سوودم لە زۆر شتی دیکەش وەرگرتووە. تەنانەت لە زانستی پلان و داڕشتنی بینای ئەوروپی کەڵکم وەرگرتووە.

لە شانۆی «ماندانا»دا کێشە مێژووییەکە دەخەینە بەرباس، کە مرۆڤی کورد بۆ دوای مادەکان کەسایەتی نییە. ڕۆشنبیر (من لەگەڵ وشەی ڕۆشنبیر نێوانم خۆش نییە چونکە مانایەک لە مێشکمدا دروست ناکا) ئەو ڕۆشنبیرانەی لە درێژایی مێژوودا هەبوون بۆ کەسایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن؟ لێرەدا گفتوگۆیەک لەگەڵ زەردەشت پێکدێت. گفتوگۆیەک لەگەڵ شەرەفخانی بتلیسی و ئەحمەدی خانی پێکدێت. ئەو گفتوگۆیەش ڕۆشنبیرێکی ئەمڕۆیی دەیکا. لە ڕاستیدا هەم ڕەخنە و پرسیارە لەوان، هەم تێهەڵچوونێکە.زەردەشت، تۆ بۆ لەنێو کورددا نەمای؟ ئەحمەدی خانی، بۆ بیرە نەتەوایەتییەکەت لەنێو کورددا درێژەی نەکێشا؟ شەرەفخانی بتلیسی، بۆ مێژوو نووسینەکەت و ڕاستکردنەوەی مێژوو لەنێو کورددا درێژەی پەیدا نەکرد؟

واتە ئێمە لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەچینە ناو بابەتێکی لەسەداسەد کوردییەوە و لە باری فۆرمیشەوە، بەشێکی ئەوانەن کە لە ئەوروپا وەرم گرتووە و تا ئەو جێگای ئیمکانی هەیە فۆرمەکان کوردییە. شتێکی کە زۆر تازە بوو بۆ ئێمە مەسەلەی زمانە کە لە «ماندانا»دا دوو زاراوەی سەرەکیی کرمانجی و سۆرانی هاوکات پێشکەش دەکەین.

**ڕامان:** ئێمە ئێستا لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی ئەکادیمین لە کوردستان بۆ بەشی شانۆ.. چەند دەتوانین سوود لەو سیستەمانەی ئەوروپا وەرگرین کە تۆ زانیاریت لەسەریان هەیە و خوێندووتە؟ یان شێوەی سیستەمەکە بەڕای تۆ چۆن بێ؟

**برایم فەرشی:** ئەوەی زۆرتر پێوەندیی بەمنەوە هەبێ، سیستەمی «تیئاتر پێداگۆگی»یە ئێمە پێویستە لەخوارەوە بۆ سەرێ سیستەمەکە بێنین نەک لەسەرەوە.بەو مانایە کە «تیئاتر پێداگۆگی» وەک سیستەمێکی ڕاهێنانی سەربەخۆمان هەبێ، تا ئینسانەکان پەروەردە بکا.

بەشێکی دیکەی ئەوەیە ئەو سیستەمانەی دیکە کە لەوێ هەن وەک سیستەمی «بوال»ی یان ئەو سیستەمەی کە «ئۆژینۆ باربا» سەرپەرشتی دەکا لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکاندا ئەمانە لە چوارچێوەی زانستەکەدا دەتوانێ یارمەتیی ئێمە بدا. جگە لەوە سیستەمی شانۆیی دیکەش هەن شانۆکاری کورد پەروەردە دەکا، دەبێ هەبێ،

بەڵام ئێمە لە بنەڕەتدا وەک کورد دەبێ دامەزراوێکمان لە زانکۆکاندا هەبێ بۆ ئەوە کە سوود وەرگرتن لەو سیستەمانە ئەداپتێک بکەین بۆ وڵاتەکەی خۆمان.

سیستەمێکی وا کە تاموبۆنی وڵاتی خۆمانی هەبێ. ئێمە بۆ ئەوە دەبێ پرۆژە یان پرۆژەگەلێکمان هەبێ بۆ ئەوەی سیستەمەکە دابمەزرێنین.

**ڕامان:** بەتێکڕایی چەند ئاگات لە شانۆی کوردی هەیە؟

**برایم فەرشی:** بەشێک لەو کارانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن گەیشتۆتە دەستی من. بەشێک لەو کارانەی لە باشووری کوردستان دەکرێن لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەکانەوە دیتوومن و جارجارەش لە ئەورووپا دیومن. هەروەها هێندێ لەو کارانەی کە لە باکووری کوردستان دەکرێن هەر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە و جار جارەش هەڵکەوتووە کە ڕاستەوخۆ بیانبینم، زۆر بە وردی ئاگام لە هەموو پێشکەش کردنەکان نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئاگادارییەکی گشتیم لە شانۆی ئەمڕۆی کوردستان هەیە.

**ڕامان:** تێبینیت لەسەری چییە؟

**برایم فەرشی:** بەداخەوە گرووپە شانۆییەکان کە شانۆگەرییەک پێشکەش دەکەن لەچوارچێوەیەکی زەمەنی سنووردار دا پێشکەشی دەکەن و دەڕۆن. بەردەوامی لە شانۆدا پێک نایە. گرووپەکانیش تێکەڵاوی یەکتری نابن تا لە نزیکەوە باس لە کێشە سەرەکییەکانی شانۆی کوردی بکەن و ئەو شانۆیانەی پێشکەش کراون جارێکی تر بیهێننەوە ناو خەڵک، هەر کەسێک بەپێی بۆچوونی خۆی شتێکی هێناوەتە نێو گۆڕەپانی شانۆوە و ئەوە نەبۆتە نەریتێکی شانۆیی کە بۆ وێنە بڵێین ئێستا لە کوردستاندا سێ نەریتی شانۆیی هەیە کە دەستنیشانی لێکچوون و جیاوازییەکانیان بکەین، ئەزموونەکان ئەزموونی تاکەکەسی و چەند کەسێن کە بەداخەوە لەگەڵ یەکتری گرێ نادرێن.

**ڕامان:** ئەی چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەوەی هەندێ لەو نەخۆشییانەی لێ دوور خەینەوە چییە؟

**برایم فەرشی:** چارە ئەوە لە ماوەیەکی چەند هەفتەییدا لە هەموو کوردستان کۆمەڵێک لەو کەسانەی لە شانۆدا کاریان کردووە، لە پرۆسەیەکی بەردەوامی کاری ڕۆژانەدا ئەو کێشە فکری وتیۆرییانەی هەن باسی لێوە بکەن، تا دەستنیشانی دۆخی ئێستای شانۆی کوردی بکەن و بەخەڵک و بەدەسەڵاتی سیاسیشمان بڵێین، ئەمە بەرنامەی ئێمەیە بۆ ئەوەی شانۆی کوردی لەو ڕەوشە بێتە دەرێ.

**ڕامان:** ئێستا بەتەمای دروستکردنی تیپی نەتەوایەتین بۆ شانۆ تۆ پێشەکی چ پێشنیارێکت بۆ ئەو تیپە هەیە و ئەولەویات چییە؟

**برایم فەرشی:** ئێمە دەبێ لەپێشدا خوێندنەوەیەکمان هەبێ، بڵێین ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە هەمانە و ئەوە ئەو شتەیە کە دەبێ پێی بگەین. لەپشت تیپێکی نەتەوەیی شانۆدا دەبێ پرۆسەیەکی بەردەوامی فێرکردن هەبێ. واتە ئەو ئینسانانە لێرەوە بچنە سەر شانۆ، نەک بەشێوەیەکی فیزیکی. زۆر هەوڵی ئاوا دراوە، تەنانەت بۆ مۆسیقاش، بەڵام لەبەر ئەوەی بە قووڵی نەچوونەتە نێو بابەتەکەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو نەکراوە و فۆرم و میتۆدمان نییە، سەرکەوتوو نەبوون.

**ڕامان:** ئێستا تۆش هاتیتەوە سەر قسەی ئەو برادەرانەی کە دەڵێن گەورەترین گرفتی شانۆی کوردی ئەوەیە کە میتۆدمان نییە.

**برایم فەرشی:** بێ میتۆد کار ناکرێ!

**ڕامان:** ئەی حاڵی حازر دەنگوباسی تیپی شانۆی کۆچەر چییە؟

**برایم فەرشی:** تیپی شانۆی کۆچەر دوای دە ساڵ، ئێستا چەند ساڵێکە بێدەنگە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە لەدەرەوەی وڵات هەیە. کۆچەر کاری باشی کرد، بنەمایەک بوو بۆ کارکردنی شانۆ لە دەرەوەی وڵات، بەڵام بە داخەوە ئەو پرۆژەیە وەستێندرا. زیندووکردنەوەی ئەو پرۆژەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی وەکو ناوەندێک بۆ پێوەندیی شانۆی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات کەڵکی لێوەربگیرێ.

**ڕامان:** ئاستەنگەکانی کاری شانۆیی لە هەندەران چین؟

**برایم فەرشی:** زۆر شتن. یەکەم ئەوەیە کە تۆ ناتوانی مووچە بدەی بە شانۆگێڕ. تۆ بۆ ئەوەی کارەکەت بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بێ، دەبێ پێش هەموو شتێک مەسەلە مادییەکەت بۆ چارە بووبێ. کە بتوانی (١٠) کەس (١٥) کەس دابمەزرێنی، تۆ لە ئەورووپا دەژی دەبێ شان بەشانی شانۆی ئەورووپا کاربکەی، بۆ ئەوەش پێویستیت بە هەموو ئەو ئیمکاناتە هەیە و بەداخەوە ئەوە نارەخسێ. پشتگیریکردن لە بیانییەکانیش وەک جاران نییە و بارودۆخی ئەورووپا گۆڕاوە. ئەوە شتێکە کە دەکرێ لەو چوارچێوە نەتەوەییەدا بگونجێ کە ئێوە باسی دەکەن. من شانۆ بە بنەمای شارستانییەت دەزانم. ئێمە لە ڕێگای شانۆوە دەتوانین شارشتانییەتی خۆمان

بنەخشێنین.

**ڕامان:** ئەزموونگەری لەنێو شانۆی کوردی هەندێک باسوخواسی هەبوو. تۆ چۆنی تێدەگەی؟

**برایم فەرشی:** ئەگەر ئەزموونگەری هەر بریتی بێ لە لاساییکردنەوەیەک کە لە ڕابردوودا هەبووە، من بەزەرەری دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەزموونگەری وەک ئەوەی باسم کرد بێنین ئانالیزی شتەکانمان بکەین، ئەوە بەباشی دەزانم. مەیدانی ئەزموونگەرییەکەی خۆت بە کەڵک وەرگرتن لە زانستێکی کە هەتە، بەربلاوتر بکەی. نەک ئەوەی کالایەکی کە هەتە بە زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ و بڵێی ئەوە ئەزموونگەرییە.

**ڕامان:** لەنێوان دانان و نووسینی شانۆنامە لەگەڵ ئەکتەر، لەگەڵ دەرهێنەر، کامەیان لای تۆ گرنگی زیاترە و لەپێشترە؟

**برایم فەرشی:** هەموویان گرینگن. بەڕاستی نابێ تەرازوویەک دابنێ و بڵێی ئەوەیان دەبێ مسقاڵێک لەوی تریان زۆرتر بێ. شانۆی بێ تێکست شانۆ نییە، شانۆی بێ شانۆگێڕ شانۆ نییە و بۆ ڕەگەزەکانی دیکەش هەروەتر.

کاتێک تۆ پێناسەی شانۆ دەکەی هەریەک لەوانە دەبێ لە جێگای خۆیدابێ، کەمایەسی یەکێک لەوانە وەک مرۆڤێکە کە دەستێک یان لاقێکی نەبێ.

**ڕامان:** ئەی ڕات لەسەر ئەوە چییە، شانۆکارێکی بەتوانای وەک د. فازیل جاف دەڵێ لای من ئەکتەر تەوەری سەرەکییە؟

**برایم فەرشی:** ئێمە لەکوێ ئەو قسەیە دەکەین؟ لەکوێی ئەم جیهانەداین؟ ئەوە بۆ شانۆیەکی زۆر پێشکەوتوو کە لەوڵاتانی تردا هەیە و هەموو ئەو بەشانە ورد ورد کاری لەسەر کراوە، تۆ دەتوانی لە ڕێگای جەستەوە تێکست بخولقێنی، دەتوانی مانا بخولقێنی. ئەگەر ئەو ئیمکانە لە کوردستاندا هەبێ کە ئەو کارە بکرێ، من بەباشی دەزانم، بەڵام ئێمە میللەتێکمان هەیە کە لە سەر تا پێی لەگەڵ تێکست ڕووبەڕووە، لەگەڵ شیعر و بەیت و حەیران و لەگەڵ وشە ڕووبەڕووە. من ناتوانم ئەو ڕەگەزە لە شانۆی کوردی دەربێنم.

**ڕامان:** تۆ تا ئێستا (٥-٦) شانۆنامەت نووسیوە پێت وایە چەند تێیاندا سەرکەوتوو بووی؟

**برایم فەرشی:** شانۆنامەنووسی کارێکی یەگجار سەختە، چونکە لە ڕاستیدا کارێکی مەیدانییە. یەکەم دەبێ تەکنیک و سەنعەتەکە بناسی، دووەم ئەو بوارەی کە تۆ دەینووسی دەسەڵاتی تەواوت بەسەریدا هەبێ، کاتێک هەموو ئەو شتانەت هەبێ دیارە سەرکەوتووی. بۆ من کە دەسەڵاتم سنووردارە، هەر ئەوانەن کە نووسیومن و دوای «ماندانا» شانۆنامەی دیکەم نەنووسیوە، چونکە کاری شانۆیی من بە جۆرێک بووە کە لە خۆم ڕانەدیوە شانۆنامەیەکی تر بنووسم. ئەو دوو تاقیکردنەوەش زۆرتر بۆ ئەوە بووە، ئەو فکرەی لەمێشکی مندا هەیە و تەجرەبەیەکی هەمبووە بتوانم بیخەمە نێو قاڵبەکەوە. ئەوەی کە چەند سەرکەوتوو بووم باسێکی دەوێ، بەڵام باسێکی دیکە ئەوەیە من چۆن شانۆیی «ماندانا» یان «زەوی» پێشکەش دەکەم، کە ئەوەش باسێکە دەکەوێتە دەرەوەی شانۆنامەکەوە، من ئەو سەردەمە کە ئەوانەم نووسین لەو کارانەم ڕازیم، بەڵام ئەگەر شتێکی تر بنووسم دەبێ کاری زیاتری لەسەر بکەم.

**ڕامان:** وا دەردەکەوێ ڕایەکی خۆت هەیە، کێ لەناو هونەرمەندانی کورد، یان چ تیپێک لە تیپە شانۆییەکانی کوردستان، چ لێرە و چ لە هەندەران لە بۆچوون و خەونە هونەرییەکانی خۆت بە نزیک دەزانی تا کاریان لەگەڵدا بکەی؟

**برایم فەرشی:** بەداخەوە گرووپێکی تایبەتی ناناسم کە ناوی ببەم، بەڵام ڕەگەزەکان دەبینم. بۆ نموونە کاتێ دەبینم لە سنە شانۆگەریی «گوڵی خوێناوی» لەلایەن «برایم کازمی»یەوە پێشکەش دەکرێ، لەوێدا هەندێک لەو ڕەگەزانە دەبینم کە من کاری تێدا دەکەم. یان کاتێک کارەکانی دکتۆر قوتبەدین سادقی دەبینم، هەندێک لەو ڕەگەزانەی کە ئەو بۆ شانۆی فارس کاری کردووە، ویست و داخوازی منە کە هەموو ئەوانە بگوێزمەوە نێو شانۆی کوردی. ئەوانە دەتوانن شانۆی ئێمە زۆر دەوڵەمەند بکەن.

هەموو ئەو ئازیزانەی کە تا ئێستا کاریان کردووە لە باشووری کوردستان زۆربەی کارەکانیانم دیتووە، بەڵام خۆم لە کارەکانیاندا نابینمەوە، هەرچەندە لەکۆنەکاندا دەبینم ئەو هەوڵ و تەقەللایەی دراوە، زۆر لەو ڕەگەزانەی تێدایە. کەسی تاک تاک هەن هیوادارم ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو تاک تاکانە ببن بە گرووپێک و بەدڵنیاییەوە من خۆم لە کاری ئەواندا دەبینمەوە.